ئەگەر پیاوێك بیەوێت خراپەکاری تێدا بنێتەوە، لەکاتێکدا ئەو لە (عەدەن ئەبیەن) بێت ئەوا خوای گەورە (هەر لەوێدا) تووشی سزایەکی ئازاردەی دەکات

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت-؛ سەبارەت بەم ئایەتە کە خوای گەورە -عَزَّ وَجَلَّ- دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يُرِدْ فِيهِ بِإِلْحَادٍ بِظُلْمٍ نُذِقْهُ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ [الحج: 25] واتە: ﴿وە هەر کەس بیەوێت لەوێ (لە مزگەوتی حەرام) مەیلی لە هەق لادان وزوڵم وستەم بکات پێی دەچێژین سزای ئازاردەر﴾، -عبد الله- دەڵێت: «ئەگەر پیاوێك بیەوێت خراپەکاری تێدا بنێتەوە، لەکاتێکدا ئەو لە (عەدەن ئەبیەن) بێت ئەوا خوای گەورە (هەر لەوێدا) تووشی سزایەکی ئازاردەی دەکات».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه أحمد والحاكم)]

سەبارەت بەم ئایەتە کە خوای گەورە -عَزَّ وَجَلَّ- دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يُرِدْ فِيهِ بِإِلْحَادٍ بِظُلْمٍ نُذِقْهُ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ [الحج: 25] واتە: ﴿وە هەر کەس بیەوێت لەوێ (لە مزگەوتی حەرام) مەیلی لە هەق لادان وزوڵم وستەم بکات پێی دەچێژین سزای ئازاردەر﴾؛ عبداللەی کوڕی مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەگەر کەسێك لەنێو خەڵکی لە نەفسی خۆیدا باسی ئەوە بکات کە بە نیازە کارێکی خراپ ئەنجام بدات لە حەرەمی پیرۆز وشتێك حەڵاڵ بکات لەو شتانەی خوای گەورە حەرامی کردووە لە قسە یان کوشتن بە ئەنقەست؛ ئەمە ستەم وخراپەیە، ئەو کەسەی پێداگیرە لەسەر ئەم کارە ئەگەر لە شاری عەدەنیش بێت لە یەمەن؛ ئەوا شایستەیە کە اللە سزایەکی سەختی تووش بکات بەهۆی ئەم نیاز وپێداگیربوونەوەی، ئەگەرچیش ئەنجامی نەدات؛ تەنها بەسە بۆ سزادانی کە پێداگیرە لەسەر ئەم کارە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65331